خۆشەویستترین وتە لای خوای گەورە چوارن، ئاساییە بەهەر کامیان دەستپێبکەیت: سُبْحَانَ اللە، والحمد للە، ولا إلە إلا اللە، واللە أکبر

لە سەمورەی کۆری جوندوبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خۆشەویستترین وتە لای خوای گەورە چوارن، ئاساییە بەهەر کامیان دەستپێبکەیت: سُبْحَانَ اللە، والحمد للە، ولا إلە إلا اللە، واللە أکبر». [(سبحان الله) واتا: الله پاک وبێ گەردە و هەموو کەموکوڕی وعەیبێک لە ئەو دوورە، (الحمد لله) واتا: وسوپاس وحەمد بۆ الله، (لا اله الا الله) واتا: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، (الله أكبر) واتا: الله لە هەموو شتێک گەورەترە]

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خۆشەویستترین قسە لای وای گەورە، چوارن: سبحان الله: واتا بەپاکدانانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لە هەموو کەموکورتیەک. والحمد لله: ئەمیش بریتیە لە وەسفکردنی خوای گەورە بەتەواوی کاملّبوون لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزندانانی. ولا إله إلا الله: واتا هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی جگە لە الله. والله أكبر: واتا الله لە هەموو شتێک مەزنتر وشکۆدارتر وبڵندترە. وبەدەستهێنانی فەزڵ و پاداشت لەسەر وتنیان نەبەستراوەتەوە بە وتنیان بەپێی ڕیزبەندی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5475